- پۆلەکانی ئێمە بێجگە لە سزاخانە و زیندانی تاک ژووری هیچی دیکە نین... بنمیچی نزم و داخزاو تا سەر پەڕەی ڕۆح، دیوارەکانی ئەستوور کە هاوار و ترسی کچان و کوڕەکان بە هیچ فریادڕەسێک نەگەن، وانەکانی ڕۆحپرۆکێن و خەیاڵکوژ و لەش داڕزێن

مرۆڤی ڕۆح زیندانیکراو حەز بە فڕینی مەلەکان ناکا بۆیە قەفەز دروست دەکات

**ئەزموونی نەرێنی**

هەتا خودی خامۆشیش بەرلەوەی شێوە و فۆرمێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هەوڵ دەدات لەناو زمان و هەر لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە خۆی بکات، نووسینەوەی خامۆشیی مێژووی ئێمە لە نووسینەوەی خوێنەکە قورسترە کە لێرە و لە ڕابردوودا ڕژاوە، لە هەنووکە و داهاتووشدا هەر دەڕژێت، ئەو خوێن بەربوونە ئەبەدییە نەوەستاوە، چ بە ناوی ڕزگارکردنی خوداوە بوویێت چ بە ناوی ئازادی و ڕزگارکردنی نیشتمانەوە، ئەو زمانە نەدۆزراوەتەوە کە بارتەقای ئەو ڕووباری خوێنە بوویێت کە بە ناهەق دەڕژێت.

بە پیرۆزکردن و مەرگ، هاوـ واتای یەکدین، پیرۆزکردن ناهێڵێت نە بیر بکەینەوە و نە چێژ لە زیندەگیی ئادەمییانەی خۆمان وەربگرین، پیرۆزکردن بۆ خۆی هەموو کلیلەکانی پێیە بۆ داخستنی دەم و زمان، گەرچی تاکە پردێک بۆ گەیاندنی ئێمە بەوانی دیکە زمانە کە پردێکی لەرزۆک و چرووک بووە تا هەنووکە، زمانێکی شەرمن و ترسنۆک، بۆ هەمیشە چاودێریکراو و سیخناخ بە حەڵاڵ و حەرام، پڕ لە بۆشاییەکانی ناو عەقڵ و ڕۆح، زمانێکی لەرزیو و لاڵەپتە و نەڕسکاو، نامۆ بە خۆخوێندنەوە و دوور لە هۆش و گۆش، لە شێوەی تۆڕێکی ڕاو بۆ ئەوە دروست بووە تاوەکو وشەکان بخنکێنێت، بەڕێز و شەرمنۆک لەبەردەم هەموو پاساکانی زمان و خاڵبەندی و سینتاکس بێ ئەوەی مانا ببەخشێت، یان مانایەکی لێڵ دەبەخشێت.

زمان وەک ئەوەی هەنووکە قسانی پێدەکەین، دوای یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤـ بۆ پەڕینەوە لە زمانێک کە بێجگە لە وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان و زریکە و هاواری کێویانەی ناو جەنگەڵەکان و شاخ و کێوەکان و پێدەشتەکان، هیچی دیکە نەبووە، لە پاڵ جووڵە و زمانی جەستە و ئاماژەکانی دیکەدا کە دواتر گەشە دەکات و دەبێت بە 'سەماکردن'، پێچەوانەی ئەو پڕوایەی کە دەڵێت: هەر لە سەرەتاوە وشە هەبووە، یان کە ئادەم لە ئاسمانەوە فڕێ دەدرێتە سەر زەوی زمانێکی تۆکمە و دامەزراوی هەبووە. بەڵام هەموو گەڕان و سۆراغ و پشکنین و هەڵکۆڵینەکانی بەر لە مێژوو ئەوە دەسەلمێنن کە سەرەتا بێجگە لە 'ڕەسم و سەما' هیچی دیکە نەبووە، لە پاڵ زریکە و هاوار و جار جاریش دەنگی چپەدوو. ئایینە دێرینەکانی سەر زەمین بەر لە پەیدابوونی ئایینە ئاسمانییەکان کە بناغەکەی سەرەتای زمانێکی کۆنکریتی و مانابەخشە، کە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بە زمانێکی گوزارشت لە نێرڤۆزە 'عووساب' تەماشا دەکرێت، زمانێک کە چڕبوونەوەی دەردەکانی ناو ڕۆح و دەروونە لەسەر زەمین، بەر لەو سێ ئایینە 'سەما' ڕۆحی ئایینەکانی پێکهێناوە چونکە زمانێکی داپڕاو نەبووە لە سروشت بە مانا هەرە پاکیزەکەی، ڕەنگدانەوەی هاوئاهەنگی و هارمۆنیا بووە لە بەرامبەر دۆخە پڕ لە گۆڕانکارییەکانی ناو سروشت و ژیانی سەرەتایی و کێوییانەی مرۆڤـ ، کە دوا جار مۆسیقا بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت، کە ئەگەرچی دواتر ئایینە ئاسمانییەکان ئاسوودە نەبوون بەو هەموو جووڵە و ئاهەنگە و ئازادبوونەی لەش بەر لە دەرهێنان و داپڕانی لە سروشت، چونکە لەش لە هەر سێ

ئایینە ئاسمانییەکەدا کانگای 'گوناهی یەکەم'ە: گوناهێک کە تا هەنووکە خەیاڵدانی مرۆڤی بە تەواوی داگیر کردووە، کە دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی رۆشنگەری هەموو هەوڵی فیکری تازە بۆ ئەوە بووە خۆی لەو گوناهە پاک بکاتەوە، لێرە و لەوێدا، لەناو دەستەبژێری رۆشنبیران و خوێندەواران گومانی دروست کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی میللی هیچی بۆ نەکراوە.
ڕقی ئەستووری مرۆڤی مەرگدۆست لە ئاهەنگ و جووڵەی ئازاد و مۆسیقا و ڕەسم و پەیکەر و سەماکردن، تا هەنووکەش برەوی هەیە، نموونەی ئەفغانستان و ئێران و وڵاتانی دیکەی ژێر قەڵەمڕەوی دیندارە توندڕەوەکان بە 'عیراق'ی تازەشەوە بەڵگەی ناوێت.
وێڕای ئەوەش تا هەنووکە ئایینەکان نەیانتوانیوە ئەو ئاهەنگە لە سروود و شێوازەکانی پەرستنی نەریتخوازانە دەربهێنن و بە یەکجاری بیکوژن، هەتا گەر ئاوازەکان لە بازنەی ماتەمگێریش دەرنەچووبن. خودی پەنابردنی مرۆڤ بۆ شیعر، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئاهەنگە دزراو و کوژراوە، بە واتایەکی دیکە خودی پاکیزەیی زمان بۆ خۆی بەر لە شێواندنی رۆح، کە باس لە ئاهەنگ دەکەین هەرگیز مەبەستمان سەروا و کێشی کلاسیکی نییە، بەڵکوو قسەکردنە لەسەر هارمۆنیا و مۆسیقایەکی ناوەکی و ژێرەوانکێ کە دواندنی رۆحێکی بەلەنگاز و سەربەستە کە مەعریفەتێکی درۆزن و ڕەوشتی بازاڕ بە مانا بەرخۆرییەکەی نەیتوانیوە ڕام و ڕاوی بکات. هەڵبەتە حیکمەتی تێدایە کە ئەگەرچی مرۆڤ بێ شیعر نەژیاوە، بەڵام شەیدایانی ڕەسەنی شیعر لە دونیادا یەکجار کەمن، سەیر نییە لەمڕۆکەدا ناودارترین شاعیری فەرەنسی گەر پێنج سەد دانە لە دیوانەکەی چاپ بکات بەختەوەرە.
ڕاستە زمان یەکەمین و ناوازەترین داهێنانی مرۆڤە بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەموو ئەو شتانە بکات کە حەز دەکات بیگەیەنێت، بەڵام پسپۆرانی کۆمیونیکاسیۆن پێوایان وایە کە پڕێکی زۆر لە یەکدی تێگەیشتن نیشانە و ئاماژەکانی دیکەن کە بە زمانی جەستە ناسراوە، یان بە گەڕانەوە بۆ ڕێبازی شانۆی پووچگەرا و بێهوودەگی دەگەین بەو ڕاستییە تاڵەی کە زمان بۆ خۆی لەوە هەژارترە بتوانێت ئەو هەموو ڕاز و نیاز و خۆزگە و داوا و دۆخەکانی خۆشی و ناخۆشی مرۆڤەکان بە یەکدی بگەیەنێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە چ لەسەر شانۆ بین و چ لەناو ژیاندا بە بەدحاڵیبوون گەمارۆ دراوین، جەنگەکان چین بێجگە لە نشوستی مرۆڤـ لەوەی کە دیالۆگ نازانێت، شەڕە گەورەکانی نێوان میللەتان و تاکە کەسەکان دەرئەنجامی مەرگی زمان خۆیەتی. هەڵبەتە هیچ لەوە ئاسانتریش نییە ئایدیۆلۆژیا ئاسمانی و سەرزەمینییەکان بکەین بە بیانووی شەڕەکانمان.
گەرچی ئایدیۆلۆژیا بۆ خۆی گەمە ناشیرینەکان و فێڵەکان و فریو و وێڵبوونی مرۆڤـ و زمانەکەیەتی پێکەوە. دۆگماتیزم/ وشکە باوەڕداری بۆ خۆی دوو ئاراستەی جیاوازی هەیە کە بەرەو هەڵدێر و داڕمان و پووکانەوە لێمان دەخورێت، هەر دوو ئاراستەکەش یەکدی دەبڕن و لەنێوان دوو سەرچاوەدا جێگۆڕکێ دەکەن: ئاراستەی یەکەم لە مرۆڤەوەیە بۆ ناو زمان، ئاراستەی دووەمیش بەرهەمی ئەو دۆگماتیزمەیە کە زمان سەرلەنوێ دەیبەخشێتەوە بە مرۆڤ، هەر بۆیە هیچ قۆناغێکی مێژوو نادۆزینەوە کە مرۆڤ و زمان پێکەوە لەناو هەمان بازنەدا نەخنکابن، بە واتا لە ناو هەمان تابووتدا ڕاکشاون.

یەزدان خۆی بەرلەوەی لە خەیاڵی مرۆڤەکاندا لە دەرەوەی وەسف بێت، بەر لەوەی لای سۆفییەکان 'نوور'ێک بێت، بە گەڕانەوە بۆ کتێبە ئاسمانییەکان: بوونەوەرێکی زمانەوانییە، خودی کتێبە پیرۆزەکانیش هەمدیس.
گومان نەکردن لە زمان کە تاکە ئامرازێکە بۆ گەیاندنی ئێمە بە یەکدی: کارەساتە..زمان وەک ئەوەی کە زارەکییە یان تۆمارە. زمان واتا دونیایەک لە بۆشایی، هەر لەبەر ئەوەشە کە لەناو کایەکانی فیکر و ئەدەب و هونەر و سیاسەت و ئاییندا، ناچارین بە دوای نەوتراوەکانی پشت وتراوەکاندا بگەڕێین، لەودیو نووسراوەکانیشدا بۆ نەنووسراوەکاندا بگەڕێین، هەتا لەناو سروشتدا ئاسوودە نەبین بەو ڕەنگانەی کە دەیانناسین، هەڵبەتە دەیەها ڕەنگی دیکە هەن کە مرۆڤ فریا نەکەوتووە ناویان بۆ بدۆزێتەوە. بۆ قسەکردن لەگەڵ رۆحدا، مرۆڤـ لەوەدا زیرەک بووە کە مۆسیقای داهێناوە، زمان زۆر لەوە هەژارترە رۆح بدوێنێت، کە خەم و خۆشیمان سەردەکات و دونیا پڕ دەکات و دەگاتە ئاسمان ناچارین پەنا بۆ مۆسیقا ببەین.
مردووەکان لەوەدا بە کۆتایی دەگەن کە ئیدی هێزی ئەوە لە دەست دەدەن گوێ لە مۆسیقا بگرن، کەواتە زۆرن لەو زیندووانەی لە ناو تابووتەکاندا ڕاکشاون و ئاسوودەن بە خامۆشی: خامۆشییەکی ڕەش یان تاریک، چونکە بەشێکی رۆحی مۆسیقا وچانەکانی خامۆشییە لە دەرەوە و لەناو رۆحی خۆماندا، کە دەکرێت بە خامۆشییەکی سپی یان هەزار ڕەنگ ناوی ببەین، هیچ کاتێک گوێگرتن لە مۆسیقا بێ خەیاڵی فڕین لەناو ڕەنگەکاندا بوونی نییە، پێچەوانەکەشی ڕاستە کە ڕەنگەکانیش بێ هارمۆنیا و مۆسیقای پەنهان نەبوون.
لە شانۆگەریی 'زریان'ی شکسپیر ـ دا دیالۆگێکی نازدار لەنێوان دوو کەسی بندەستی پادشای وڵاتەکەدا تێما و رۆحی دەقەکەمان پێدەڵێت، یەکەمیان دەژنەوێت:
+ دەزانی پادشا بڕیاری داوە لەمەدوا دادپەروەر بێت؟'
دووەمیان بە گومانەوە زار هەڵدێنێتەوە:
- بڕوای پێ مەکە.. هەرگیز ناتوانێت دادپەروەر بێت!'
+بۆچی.. چۆن دەیزانیت؟'
- ئاخر پادشاکەمان هیچ حەزێکی لە مۆسیقا نییە..!'
دەستەڵاتپەرست و ستەمکارەکان بە تەنها حەزیان لەو مۆسیقایەیە کە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکانی جەنگەکان و کوشتارگەکان خۆش دەکەن، بە درێژایی مێژوو، بگرە بەر لە مێژووش، بە جۆش و خرۆشەوە ملیۆنەها شەڕکەری بەدبەخت لەسەر مارش و ئاهەنگی جەنگاوەرانە باوەشیان کردووە بە مەرگدا.
تا ئەو شوێنەی کە مرۆڤ ناتوانێت بزانێت رۆح وا لە کوێدایە، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە رۆح لەناو ئێمەدا لە پنتێکدا جێگیر نییە، گۆشە و پەنایەک و حەشارگەیەکی نییە لەناو لەشدا، هەر وەک نائاگاهی یان نەست (لاشعور) کە ئەویش نادیارە کەوتۆتە کوێوە، نە رۆح و نە نائاگاهی لەناو ئێمەدا کانگایەک و سەرچاوەیەکی نییە، هەتا کە دەڵێین (سایکی) کە یەکێک لە ماناکانی 'دەروون' دەگەێنێت، وەلێ دەروون پێگە و شوێنێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکوو هەموو ئەو ئیدیۆم و چەمک و ناولێنانە بۆ خۆیان هەوڵێکن بۆ نزیکبوونەوە لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ هەڵسوکەوتێک، یان ڕەفتار و ڕەوشتێک، یان دۆخێک کە دوا جار وەک ئەزموونەکانی خۆمان سەیریان دەکەین، بۆ گەیشتن بەو نهێنییە هیچ ئامرازێک شک نابەین بێجگە لە زمان. ئەوەش تێگەیشتنی ئێمە لێڵ و ئاڵۆزتر دەکات، چونکە وەک ئەوە وایە بڵێین ئەزموونەکانی ئێمە وا لەناو رۆحماندا یان

دەروونماندا، ئاسانترە گەر بوترێت وا لەناو عەقڵماندا، چونکە بەرجەستەترە، هەر هەمووشی گریمانەی ئەوەمان دەداتێ کە رۆح بۆتەیەکە کە ئەزموونی ئێمەی گرتۆتە خۆی، ڕوونتر بدوێین: دەرکەوتنی رۆحی من وا لەناو ئەزموونەکاندایە، یان ئەزموونەکانی من دەروونی منت بۆ شی دەکەنەوە، یان ڕەفتار و ڕەوشتی من دەریدەخەن من شێتم یان عاقڵم، بەڵام کێ بڕیار دەدات عەقڵ چییە و شێتی چییە، بە درێژایی مێژوو ئەوەی ناوی عەقڵزەدەیی بووە کارەساتی گەورەی ناوەتەوە و کرۆکی هاری و شێتبوون بووە.
ئەگەر تێکنۆلۆژیا بۆ خۆی بەرهەمی عەقڵ و هۆشمەندی بوویێت، وێرانکارییەکان و شەڕەکانی کەمتر نەبوون لە خێر و قازانجەکانی. لەوێدا شێتەکان دەبن بە کۆمەڵێک بوونەوەری پاک و بێ زیان.
رۆح تا هەنووکە لای ئێمە یەک ڕەهەند و مانای هەبووە کە لەو دوالیزمە ترادیشناڵە دەرنەچووە: یان بەهەشتی بووە یان دۆزەخی، پاک یان پیس، پیرۆز یان نەگریس و نەفرین.
پەروەردەی ئێمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بۆ ئەوەی رۆحمان پیس نەبێت، مەرجە لەش زیندانی بکەین و بە چەندەها کۆت و پێوەند گەمارۆی بدەین، بێئەوەی لەوە بترسین کە لەشێکی بەندکراو و ترسنۆک و شەرمن و نەگریسکراو رۆحێکی هەژار و پەژمووردە و کەچ و خنکاو دروست دەکات. پێچەوانەکەشی: لەشێکی ئازاد و سەرکەش و سەرکێش و ئەزموندار، رۆحێکی یاخی و باڵا و ڕاچەنیو و تەکاندەر و خەونبین بەرهەم دێنێت.
پەروەردەی ئێمە مردووە، گەورەترین کارگەی دروستکردنی تەرمەکان و تابووتەکانە، پۆلەکانی ئێمە بێجگە لە سزاخانە و زیندانی تاک ژووری هیچی دیکە نین، بێ پەنجەرەی کراوە بۆ لە ئاسۆ ڕوانین، بێ دەروازەی واز بۆ فڕین بە ئاسمانەکانی خەون و خەیاڵ و داهێنان، بنمیچی نزم و داخزاو تا سەر پەڕەی رۆح، دیوارەکانی ئەستوور کە هاوار و ترسی کچان و کورەکان بە هیچ فریادڕەسێک نەگەن، وانەکانی رۆحپرۆکێن و خەیاڵکوژ و لەش داڕزێن، زۆرینەی مامۆستاکانیشی توورە و تۆراو و داخدار و تۆڵەسێن، دوا جار لە وەها کایە و کێڵگەیەکدا بێجگە لە ملیۆنەها داهۆڵ و بووکەسەماکەرە هیچ فڕێ نادەینە ناو ژیانەوە، لە وەها دارستانێکدا هوزار و مەلی خۆشخوان بۆمان ناخوێنن، لە وەها جەنگەڵێکدا بێجگە لە ملیۆنەها تووتی کە زیقەیان بێت، هیچ فڕندەیەکی بەرزەفڕ و بە چەهچەهە نادۆزینەوە. مرۆڤ بە گشتی بەوەدا دیارە کۆیلە و کلۆڵە کە قەفەزی بۆ باڵندەکان دروست کردووە، مرۆڤی رۆح زیندانیکراو حەز بە فڕینی مەلەکان ناکات، فڕین و خەیاڵ زەندەقی دەبەن.

## پەراوێز:

مادامەکێ بابەتی ئەم بەشە زمانی مۆسیقا بوو، با کەوانەیەک بۆ گاڵتەجاڕی ژیانی سیاسی خۆمان بکەمەوە. بە درێژایی دە شەوی ڕابردوو کە سەرگەرمی نووسینی زنجیرەی دەیەم و یازدەمی ئەم بابەتە بووم، لە ئێوارەوە تا نیوە شەوێکی درەنگ، لە سلێمانی، بە ناوی هیستریای هەڵبژاردنەوە گوێم پڕ بوو بە شەقژنی گوللەکان و هاتوهاواری کاسکەر وهۆڕنی هاری ماشێنەکان، زاڵ بەسەر ئەو مۆسیقایەی کە دەمویست هێورم بکاتەوە تا ئەو نووسینە تەواو بکەم: سەدای سیتارەکەی ماستەری مۆسیقای کلاسیکی هیندی: ' ڕاڤی شەنکار' ، شەرمنۆک بوو لەبەردەم ئەو ئاگربارانە..بێهوودە بوو.

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا دەژین، کەچی تفەنگ تەقاندن و دابێژانی ئاسمان یەکێکە لە ئامرازە هەر نازدارەکانی هەڵبژاردنی ئێمە: دوا زمانی تازەی حیزبەکانی ئاخیر زەمان..بۆ پێشەوە.